# وەقایعی کوردستان

**ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات**

**ژمارە (١٩٣) ساڵی پازدەم ٣٠/ کانوونی یەکەم /٢٠١٥ زاینیی ٩/ بەفرانبار/ ٢٧١٥کوردی ١٩/ ڕەبیعی یەکەم/ ١٤٣٧ کۆچی**

**193**

## لەم ژمارەیەدا :

**ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان** ل ١
ڕێنمایی تایبەت بە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار** ل ٤
ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی مەی فرۆشتن (فرۆشگا، بار ،کۆگا)

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٣

**بەیانی ساڵی ٢٠١٥ پەرلەمانی کوردستان** ل ٩

**بەیانی ژمارە (١١ – ١٢ – ١٣ – ١٤ – ١٥–١٦– ١٧ - ١٨ )ی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی داد** ل ١٠

**بەیانی ژمارە (٥ – ٦ - ٧ )ی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی پەروەردە** ل ١١

**بەیانی ژمارە (٢ )ی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی** ل ١١

**بەیانی ژمارە (٢ )ی ساڵی ٢٠١٥وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ل ١٢

**بەیانی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٥وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن** ل ١٢
تایبەت بە دیاری کردنی ڕێگا گشتیەکانی هەرێمی کوردستان

**بەیانی ژمارە (٧٨- ٧٩ – ٨٠ – ٨١ – ٨٢ – ٨٣ – ٨٤ – ٨٥ –٨٦ – ٨٧– ٨٨ – ٨٩ – ٩٠- ٩- ٩٢ – ٩٣ - ٩٤ - ٩٥)ی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی تەندروستی** ل ٢٠

**بەیانی ژمارە (٣ )ی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٧
هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٥

**بەیانی ژمارە (٤ )ی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٨
هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٥

**بەیانی ژمارە (٥ )ی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٨
هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٥

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

ژمارە : ٩٧ لە ٢٠١٥/١٢/٢٢

پاڵپشت بەو دەسەڵاتانەی کە پێماندراوە بە گوێرەی ئەحکامی بڕگەی ( ٣) لە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٠ ، بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەو ڕێنماییانەی خوارەوە:-

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥

## ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی مەی فرۆشتن (فرۆشگا، باڕ ،کۆگا)

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

١- مۆڵەت: مۆڵەتی فرۆشتنی مەی

٢- دەستە: دەستەی گشتی گەشت و گوزار

٣- فرۆشگا: شوێنی فرۆشتنی مەی بە تاك

٤- کۆگا: شوێنی عەمبار کردن و فرۆشتنی مەی بە کۆ

٥- باڕ:شوێنی خواردنەوەی مەی بە شێوەی ڕاستەوخۆ

٦- خاوەن مۆڵەت: کەسی مۆڵەت پێدراو بە بازرگانی کردن و فرۆشتنی مەی بە تاك یان بەکۆ یان فرۆشتنی مەی بۆ خواردنەوەی راستەوخۆ لە باڕەکان.

**ماددەی (٢):**

ئەو هاووڵاتیانەی کە داوای وەرگرتنی مۆ ڵەت دەکەن پێویستە ئەو مەرجانەی خوارەوەیان هەبێت:-

١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت

٢- دەکرێ مۆڵەت بدرێتە هاووڵاتی بیانی ئەوانەی وولاتەکەیان پەیماننامەی هاوشێوەیان هەیە لەگەڵ عێراق لەو بوارە.

**ماددەی (٣):**

هەر کەسێك ئارەزووی وەرگرتن یان نویێ کردنەوەی مۆڵەتی فرۆشتنی مەی هەبێت پێویستە پێشتر بەشداری خولی ڕاهێنان بکات کە لەلایەن دەستە ڕێك دەخرێت و کاتەکەی دیاری دەکرێ،هەر کەسێك بڕوانامەی ئەو خولەی نەبێت مۆڵەتی ئاماژە پێکراوی پێنادرێ ، بەڵام بۆ ئەوانەی پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە مۆڵەتیان وەرگرتووە ئەو مەرجە لەسەریان جێبەجێ دەکرێت پاش تێپەڕبوونی ماوەی ساڵێك بەسەر بەرواری دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٤):**

**بەربەستەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەت:**

١- تەمەن :

أ- ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە خوار ٢١ ساڵە یان کەوتونەتە ژێر سەرپەرشتی بۆیان نیە پیشەی بازرگانی کردن بە مەی بکەن .

ب- نابێ تەمەنی کارمەندانی بارو فرۆشگا و کۆگاکانی فرۆشتنی مەی لە ٢١ ساڵ کەمتر بێت.

٢- قەدەغەکردن:

قەدەغەکردنی هەمیشەیی بۆ وەرگرتنی مۆڵەت ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە حوکم دراون بە ئەنجامدانی تاوانی (تابرووبەر) ( الجرائم المخلة بالأخلاق والاداب العامة) یان مامەڵە کردن بەماددەی تلیاك و ماددە هۆشبەرەکان.

**ماددەی ( ٥ ):**

**مەرجەکانی شوێن و ناونیشان:**

١- شوێنەکە دەبێت لەسەر شەقامی بازرگانی بێت و تێکەڵاو نەبێت.

٢- شوێنەکە نابێت لەناو خانوو یان گەڕەکی نیشتەجێ بوون بێت.

٣- دووری شوێنەکە:

أ- لە شوێنە ئاینیە پیرۆزەکان وەك مزگەوت و کەنیسە و مەزارگە و لە ناحیەکان نابێت لە ٢٠٠ مەتر کەمتر بێت و لە قەزا و سەنتەری پارێزگاکان لە ١٥٠ مەتر کەمتر بێت

ب-لە شوێنە پارێزراوەکان وەك قوتابخانە و نەخۆشخانە نابێت لە ١٠٠ مەتر کەمتر بێت و شێوازی دەرەوەی شوێنەکە دەبێت بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی قوتابخانە بۆ ئەو شوێنانەی کە دووریان لە قوتابخانە لە نێوان ١٠٠ بۆ ٢٠٠ مەترە ئەو دووریەش لە پەرژین بۆ پەرژین هەژمار دەکرێت.

٤- زەوی شوێنەکە پێویستە ڕووپۆش کرابێت بە ماددەیەکی (پاك و جوان) .

٥- پێویستە هەموو شوێنەکان مەرجی سەلامەتییان تێدا بەدی بکرێ و ئەگەر کارەساتە لەناکاوەکان تێدا ڕەچاو بکرێت و پابەند بن بەگشت ڕێنماییەکانی بەرگری شارستانی .

٦- بەهیچ شێوەیەك نابێت دەروازەیەکی ڕاستەوخۆ هەبێت لە نێوان فرۆشگا و بارو کۆگا .

٧- قەبارەی شوێنەکە پێویستە بەو شێوەیە بێت :

أ- فرۆشگا: دەبێ کۆی ڕووبەری بەکارهێنراو بۆ دانانی کاڵا لە ١٢ مەتر دووجا کەمتر نەبێت و لە ٥٠ مەتر دووجا زیاتر نەبێت.

ب- بار:دەبێ شوێنی دانیشتنی کڕیارەکان لە ٣٠ مەتر دووجا کەمتر نەبێت .

ج- کۆگا: نابێ لە٢٤ مەتر دووجا کەمتر بێت .

**ماددەی ( ٦ ):**

**مەرجەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەت:**

١-مەرجە گشتیەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەت

أ- هێنانی ڕەزامەندی بەرپرسی یەکەی ئیداری ڕاستەوخۆ و شارەوانی پەیوەندیداری شوێنەکە ئەگەر شوێنەکە لە سنووری شارەوانی بوو

ب- هێنانی سەنەدی مۆلکیەتی بیناکە یاخود گرێبەستی بەکرێ گرتنی شوێنەکە لەگەڵ کۆپییەك لە سەنەدی مولکیەتی جێگاکە و بڕوانامەی باری شارستانی خاوەنەکەی .

ج- هێنانی نووسراوێك بەلاری نەبوونی ژووری بازرگانی لەسەر ناوی شوێنەکە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دەستە لەسەر ناوەکەی .

د- هێنانی ئەستۆپاکی باجی دەرامەت .

هـ- مۆڵەت تەنها بۆیەك شوێن دەبێت و نابێت هەمان مۆڵەت بەکار بهێنرێت بۆ چەند شوێنی جیاواز.

و- دەکرێ کەسێك زیاتر لە یەك مۆڵەتی هەبێت تاکو ٣ مۆڵەت بە مەرجێك لە هەمان پارێزگا نەبێت یان لە جۆری جیاواز بێت ( فرۆشگا، بار ، کۆگا)

ز- مۆڵەت تەنها بۆیەك ساڵە و پێویستە نوێ بکرێتەوە . ئەگەر نوێ نەکرایەوە لە ماوەی سێ مانگ لە بەرواری تەواو بوونی ئەوە مۆڵەتەکە بە هەڵوەشاوە دادەنرێ

٢- مەرجە تایبەتەکان بە هەر جۆرێك :-

أ- فرۆشگا:- بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی فرۆشتنی مەی بە تاك پێویستە پێشوەخت داواکار مۆڵەتی کردنەوەی دوکانی هەبێت کە بەلای کەمی ساڵیکی مابێت بۆ بەسەر چوونی

ب-کۆگا:- بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی فرۆشتنی مەی بە کۆ پێویستە پێشوەخت داواکار مۆڵەتی کردنەوەی کۆگای هەبێت کە بەلای کەمی ساڵیکی مابێت بۆ بەسەرچوونی .

ج- بار:- بۆ بەدەسهێنانی مۆڵەتی فرۆشتنی مەی بۆ خواردنەوەی ڕاستەوخۆ (الاستهلاك المباشر ) پێویستە پێشوەخت داواکار مۆڵەتی کردنەوەی ڕێستورانتی هەبێت کە بەلای کەم ساڵێکی مابێت بۆ بەسەر چوونی

د- ڕێستورانتی پلە نایاب (پێنج ئەستێرە ) بۆی هەیە مەی بۆ خواردنەوەی راستەوخۆ پێشکەش بکات بەرەچاوگرتنی برگەکانی ( ١،٢،٣) ی ماددەی پێنجەمی ئەم ڕێنماییە

**ماددەی ( ٧ ):**

**نوێکردنەوەی مۆڵەت :**

١- پێویستە ساڵانە مۆڵەت تازە بکرێتەوە بە پێشکەش کردنی داوایەك لە لایەن خودی خاوەن مۆڵەت و نابێت بە شێوەی وەکالەت بێت.

٢- هێنانی ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت.

٣- سەبارەت بەو مۆڵەتانەی وەرگیراون لە پێش دانانی ئەم ڕێنماییانە ئەوە کاری پێدەکرێ تا کۆتایی مۆڵەتەکەیان و نوێ کردنەوە بۆ مۆڵەتەکانیان دەبێت بە پێی برگەکانی ئەم ڕێنماییە بێت بە پێچەوانە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە و تەنها بارەکان ماوەی (٣) سێ مانگیان پێدەدرێت لە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەیان بە پێی برگەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی ( ٨ ):**

**دەستبەرداربوونی مۆڵەت :**

خاوەن مۆڵەتی فرۆشتنی مەی دەتوانێ دەستبەردانی مۆڵەتەکەی بێت بۆ کەسێکی تر بەم مەرجانەی خوارەوە:-

١- دەست بەرداربوون (تنازل) لە ڕێگای بەرێوەبەرایەتی یاسایی فەرمانگەکانی گەشت و گوزارەوە بکرێت.

٢- ڕەزامەندی دەستە وەربگیرێت.

٣- کەسی تەنازل بۆ کراو دەبێ هەموو مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی مەی فرۆشتنی تێدا هەبێت.

**ماددەی (٩):**

**مەرجەکانی مەی فرۆشتن:**

١- پێویستە خواردنەوەکان هەڵبگیرێن بە پێی تایبەتمەندیان بەبێ ئامێری ساردکەرەوە، وە هەروەها پێویستە رەفی گونجاو و جوان دابندرێ بۆ نمایشکردنی جۆرەکانی خواردنەوە.

٢- پێویستە نرخ دابنرێ لەسەر خواردنەوەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا .

٣- هەموو جۆرەکانی مەی دەبێت مەنەفێستی هەبێت و کۆنترۆلی جۆری کرا بێت و لە کۆگایەکی ڕێپێدراو کڕابێت.

٤- قەدەغەکردنی فرۆشتنی هەموو جۆرەکانی خواردنەوەی فەل.

**ماددەی (١٠):**

**کاتەکانی والاکردن و داخستن:**

١- کاتی کردنەوەی شوێنەکان بەم شێوەیە دەبێت :

أ- فرۆشگاکان لە کاتژمێر (١١)ی بەیانی تا (٩)ی شەو ، بەلام ئەو فرۆشگایانەی کە مۆڵەتیان وەرگرتووە پێش بەرواری دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە وە نزیکن لە شوێنە پیرۆزەکان یان لە شوێنە پارێزراوەکان ئەوە تەنها بۆیان هەیە کراوە بن لە نێوان کاتژمێر (٦)ی ئێوارە تا(٩)ی شەو.

ب- بارەکان لە کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ تا (١١) ی شەو. بەلام ئەو بارانەی کە مۆڵەتیان وەرگرتووە پێش بەرواری دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە وەنزیکن لە شوێنە پیرۆزەکان یان لە شوێنە پارێزراوەکان ئەوە تەنها بۆیان هەیە کراوە بن لە نێوان کاتژمێر (٨)ی ئێوارە تا(١١)ی شەو .

ج- کۆگاکان لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی تا(٢) ی دوای نیوەڕۆ .

د- ڕۆژانی هەینی فرۆشگا و بارەکان نابێ بکرێنەوە تا کاتژمێر (٣) ی پاش نیوەڕۆ .

٢- کاتی داخستنی بار و فرۆشگا درێژدەکرێتەوە بۆ ماوەی یەك کاتژمێر لە وەرزی هاوین وە هەروەها لە شەوانی پێنج شەممە لەسەر هەینی .

٣- وەرزی هاوین بۆ ئەو ڕێنماییانە بریتیە لەو ماوەی کە دەکەوێتە نێوان ٤/١ تا١٠/١ .

٤- دەکرێ کاتی داخستن بگۆردرێت بە شێوەیەکی (بەدەر) بە ڕەزامەندی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان

٥- داخستنی بار و فرۆشگەکان لە بۆنە ئاینییەکاندا بە ڕێنمایی تایبەتی یەکە ئیداریەکان دەبێت

٦- دیاری کردنی کاتی والاکردن و داخستنی بارەکانی ناو هۆتێلی (٤-٥) ئەستێرە ناگرێتەوە.

**ماددەی (١١):**

**مەرجەکانی فرۆشتن:**

١- پێدان و فرۆشتنی خواردنەوە بەو کەسانەی تەمەنیان لە خارووی ١٨ ساڵە قەدەغەیە .

٢- مەرجی تایبەت بە هەر جۆرێك .

أ- فرۆشگا:-

١- دەتوانێ مەی بفرۆشێ تەنها بە تاك و بۆی نیە بە کۆ بفرۆشێ .

٢- خواردنەوە لە ناو فرۆشگا قەدەغەیە بە هەموو جۆرێك.

٣- ناتوانێ خواردن و مەزە یان هەر کاڵایەکی تر بفرۆشێ جگە لە چەرەزات (مکسرات) .

ب- بار:-

١- دەتوانێ مەی بفرۆشێ تەنها بە تاك و بۆی نیە بە کۆ بفرۆشی

٢- ناتوانی خواردن و مەزە یان هەر کاڵایەکی تر بفرۆشێ بۆ خواردن (استهلاك) لە دەرەوەی بار.

ج- کۆگا:-

١- دەتوانێ مەی بفرۆشێ تەنها بە کۆ بۆی نیە بە تاك بفرۆشێ .

٢- خواردنەوە لە ناو کۆگا قەدەغەیە بە هەموو جۆرێك .

٣- ناتوانێ خواردن و مەزە یان هەر کاڵایەکی تر بفرۆشێ .

**ماددەی (١٢):**

**مەرجە گشتیەکان:**

١- پێویستە تابلۆیەك هەڵبواسرێت کە ناوی شوێنەکەی تێدا تۆمار کرا بێت بە زمانی کوردی و زمانەکانی تر

٢- پێویستە تۆمارێك (سجل) دابنرێت بۆ تێبینەکانی لیژنە پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت وگوزاری پەیوەندیدار.

٣- پەیڕەوکردنی هەر ڕێنماییەك کە لە دەستە دەردەچێت.

**ماددەی (١٣):**

**سەرپێچی خاوەن مۆڵەت:**

هەر کەسێك سەرپێچی ماددەکانی ئەم ڕێنماییە بکات سزا دەدرێ بە ئاگادارکردنەوە بۆ هەڵگرتنی سەرپێچی بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ و لە کاتی دووبارە بوونەوە یاخود بەردەوام لەسەر پێچی بۆ ماوەی (١) مانگ شوێنەکە دادەخرێت.

لە کاتی بەردەوام بوون لەسەر پێچی بۆ جاری سێ یەم مۆڵەتەکەی پوچەڵ دەکرێت لە لایەن دەستەی گشتی گەشت و گوزار .

**ماددەی (١٤):**

**دەسەڵات:**

دەستەی گشتی گەشت و گوزار بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی ببەخشێ بەبەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی گەشت وگوزاری لە پارێزگاکان و ئیدارەی سەربەخۆکان ،

**ماددەی (١٥):**

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**نەورۆز مەولود محمد ئەمین**
**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**ژمارە :٥٩٣٧/٣/٤ لە ٢٠١٥/١٢/١٤**

**بـەیـان**

**پشت بەحوکمی مادده ( ٨ )ی یاسای ژمارە (٤)ی سالّی ( ١٩٩٩) ( یاسای بلاّوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان ) و، لە بەر ئەوەی هەڵەی چاپ لە بڕگەی ( دووەم )ی ماددەی ( پێنجەم ) دەقی کوردی لە یاسای ژمارە (٥)ی سالّی ٢٠٠٦ ( یاسای وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان – عێراق ) ، بۆیە بەپێویست زانرا هەڵەکان راست بکرێتەوە و ، دەقەکە ، بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێندرێتەوە :**

**١- بڕگەی ( دووەم )ی ماددەی ( پێنجەم )ی یاساکە بە کوردی بەم شێوەیەی خوارەوەیە :**
**وەزیر بۆی هەیە ، بۆ سانا بە کارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕێنمایگەلی پێویست دەربێنی .**

**جعفر إبراهیم ئیمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**